کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

2-8-2007 20:53بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مسیار ... مزەفەر عەبدولوەهاب

مسیار دەستەواژەیەکە هەرچەندە مێژوویەکی کۆنی هەیە بەڵام تاکو چەند هەفتەیەك بەر لەئەمڕۆ لەنێو خەڵکدا ئەو جۆرە ئەو بایەخەی پێنەدەدراو نەببووە بابەتی گفتوگۆو وتوێژەکانیان کەچی ئەمڕۆ هەڵڵای ناوەتەوە. میدیاکان، ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هەندێك لەمافناس و زانا ئاینییەکان بۆ دەربڕینی بۆچوونی جیاوازو زیاتر شیکردنەوەی ئەم دەستەواژەیە هەوڵەکانی خۆیان چڕکردۆتەوە. خەڵك بەگشتی تاکو ساتی ئەمڕۆ لەماهیەتی ئەم دەستەواژەیە تێنەگەیشتون چونکە زۆر بەکت و پڕی خۆی خزاندە نێو باس و خواس و مقۆمقۆی ئەم و ئەوەوە.

مسیار پرۆسەی هاوسەرگیرییە شەرع و یاسا قبوڵی دەکەن، تیایدا ڕەگەزی نێر هیچ جۆرە ئیلتزامێکی مادی و مەعنەوی بەرامبەر بەڕەگەزی می ناکەوێتە ئەستۆ، ڕەگەزی نێر لەم پرۆسەیەدا تەنها بۆ تێرکردنی ئارەزووە سێکسیەکانی خۆی دەچێتە لای ڕەگەزەکەی دیکەو زۆرجاریش ئەو دوو هاوسەرە دوور لەیەکتر ژیان دەگوزەرێنن، ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی نهێنی بەڕێوە دەچێت لەکاتێکیشدا وەچەی لێکەوتەوە ئەوا ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی دەکەوێتە ئەستۆی ڕەگەزی می.

مسیار لەگەڵ زەواجی موتعەدا جیاوازی هەیە دیارە دووەمیان لەلایەن ئاینزای شیعە قبوڵ کراوە بەڵام لەلایەن ئاینزای سوننەوە بەهەموو شێوەیەك ڕەت دەکرێتەوەو بەزینا لەقەڵەم دەدرێت، هەروەها مسیار کاتی دیاریکراوی نییە بۆ کۆتاییهێنان بەگرێبەستەکە بەپێچەوانەی موتعەکاتی دیاریکراو و سنورداره، پێم وایە مسیار وەکو لە بنەماکانیدا ئاماژەی پێدەکرێت لەزۆربەی ڕووەکانیەوە لە زەواجی عورفی نزیکە ئەو جۆرە پرۆسەیەش بەم دواییانە لەبەشێك لە وڵاتە عەرەبیەکان و بەتایبەتیش میسر بەئاشکرایی ڕەنگی داوەتەوە.

بەندە یاساناس نیم و لەشەرعیشدا ئەو جۆرە تێگەیشتنە قوڵەم نییە بەڵام دوو خاڵی گرنگ و جەوهەری هەیە کە مسیار لە پرۆسەی هاوسەرگیری سروشتی دا جیادەکاتەوە، یەکەمیان هەموو پرۆسەیەکی هاوسەرگیری ئاسایی دەبی (اشهار- اعلان) ی بۆ بکری واتە خەڵکی بزانی کە دوو مرۆڤ لەهەردوو ڕەگەزی جیاواز گرێبەستی هاوسەرییان ئیمزا کردووەو بڕیاریانداوە پێکەوە ژیان بگوزەرێنن و خێزان دروست بکەن لە مسیاردا ئەم کارە بەنهێنی ئەنجامدەدری، دووەمیان لەخاڵە گرنگەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری نانەوەی وەچەیە، هەرچەندە لەمسیاردا نانەوەی وەچە کارێکی سروشتی یە بەڵام ئەم پرۆسەیە زیاتر بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووە سێکسییەکانەوە پیادە دەکری نەوەك مەبەست لێ ی نانەوەی وەچەبی، گەرهاتوو وەچەشی لێکەوتەوە ئەوا دوور لەسۆزی باوکایەتی گەورە دەبی بەوپێیەی باوك لێ ی بەرپرس نییە، ئەمەش ستەمێکە بەرامبەر ئەو منالّە!

کرۆکی مەبەستمان مەسەلەی ئافرەت و مافەکانیەتی، لەواقیعی کۆمەڵگەی خۆماندا دەبینین لەزۆر لایەنەوە ئەو مافانە پێشێل کراون، چ جای ئەوەی مسیاریشی بێتە سەر!... بڕیارە ئەم پرۆسەیە بدرێتە پارلەمانی کوردستان بۆ پەسەندکردن و ئیقرارکردنی بەوەش جگە لەوەی ئەمجارەیان بەزەقی مافی ئافرەتان پێشێل دەکری، ئەوا بەچاوێکی سوکیش سەیر دەکری!

تەواوی پرۆسەی هاوسەرگیری مسیار خۆی لە یەك وشەدا دەدۆزێتەوە کە (سێکس) ەو پێم وایە بەپەسەند کردنی بڕیارێکی لەم شێوەو کردنی بەیاسا ئەوا ڕەگەزی نێر لەسەر حیسابی رەگەزی مێ دا دەستکەوتێکی دیکەی زێڕین بۆ خۆی تۆمار دەکات و ڕەنگە بگەڕێینەوە بۆ ئەو قۆناغەی کە ئافرەتی بە (وعا و الخطیئە) ناوزەد دەکرد.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.